

# بێگومان شێرکۆ نیشتمانی لەوشەکاندایە

مەنوچێهری ئاتەشی
لەفارسییەوە: رەزا مەنوچێهری

(دەستەکانی لەهەوادا دەجولێنێتەوە ئەو کاتەی شیعر دەخوێنێتەوە لەگەڵیدا خۆی خواردەکات، وەك بڵێیت لەهەمبەر زمانی دایکیدا کڕنوش دەبات)

زمان! زمان بۆ شێرکۆ چ واتایەك دەبەخشێ؟ بێگومان مانای نیشتمان. شێرکۆ لەچ شوێنێکی دیکەدا بارگەو بنەی هەیە؟ شوقەیەك لەسوید، ئوتێلێك لەسلێمانی یان.. .. لەوشەکاندا. بێگومان تەنها شێرکۆ نیشتمانی لەوشەکاندایە. ئەو نیشتمانەی کە پارچە پارچەکراوەو هەر پارچەیەکی روو لەشوێنێك کەوتووە. چلۆن دەتوانیت هەنگاو بەسەریدا بنێیت یان بەڕووتی لەتەنیشت زۆپا یان موبەریدەدا بنوێت؟ دەنگە گوماناوییەکان، جموجۆڵە گوماناویەکانو تەنانەت دەرگا لێدانە گوماناویەکان ناهێڵن هێوربیت. دەبێت جانتای شیعرەکانت لەکۆڵ بگریت- لەگەڵ وشەکاندا- هەمیشە لەگەڕانو جوڵەدا بیت. ئەو وشانە نەهێمانو نەدرکە، راستیەکی رەهاو پەتین. (بڕۆی پڕو پەیوەستە کە هەمیشە (بەردەنوێژیان) لەباوەشە، بارانو گوڵو گیایان لەگەڵدایەو بارانو گوڵو گیاو شیعر نوێژی لەسەر دەکەن). وشە، وشە، وشە..

(گۆناکانی درزی کێڵاندنی رۆژگارەکانی لێ دیارە، وەك ئەوەیە کە بووبن بەژێر سێبەرەوە).

لەڕاستیدا ناوی کتێبەکەی شێرکۆ بێکەس شیلەی ئەو سەمبولانەیە، (دره پروانەها) چاپی پێشوو، (دربند)ی پەپولەکان چاپی نوێ. لەو بڕوایەدام ناوی چاپی دووەمی کتێبەکە بەفارسی گونجاوترە. ئەو شوێنەی کە ئاوی تێدا رادەوەستێنن، یان تەنانەت خاك لەهەمبەر ئاودا. لەمانایەکدا واتە: تا ئێرە! بەس! بەردەمت دیوار کراوە، بەنداوە، لەمپەرە. پەپولەکان لەدەربەندەکاندا ئازادن، دەفڕنو بەفڕینی خۆیان کۆلکەزێڕینە دروست دەکەن. دادەنیشن، قسە دەکەن. (بەڵێ قسە دەکەن وەکو روحی جوانپەرستی شێرکۆکان- تەنانەت شێرەکان یەخسیری (بەندی) چیاکانن- هەردوو ناوەکەی لێجوانە. دەبێت پەپولەکان سەربەستانەو ئازادانە بفڕن. دەبێت لەژێر (لەناو)

وشەدا ئازادو بەبێ (بەند)و کولەبەن‌و دیوار بفڕن‌و بگەنە لای هاوڕەگەزەکانی خۆیان‌و نەهێنی (بەند)ەکانیان بۆ باس بکەن.

بەداخێکی زۆرەوە من زمانی کوردی نازانم (وێڕای ئەوەی کە ڕەگەزێکی کوردیم هەیەو هەمیشە وەك (سگ گرگزاد)ی (دان چەرمووی) (جەك لەندەن) بەرەو شوێنێکی نادیار دەلورێنم). بەڵام دەزانم ئەو وشانەی شێرکۆ کە لەڕووبەرومدایە کوردی نین‌و تەنانەت فارسی باشیش کوردی نییە. بۆ نموونە ئەم کوپلەیە، کە لەو بڕوایەدام بەهۆی دژوارییەوە خراپ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی:

**این گونه آرام**

**سنگ بەسنگ کوه سرم رامی شکوفانند**

**شانه به شاخه دست‌و انگشت خشکیده‌ام را سبز می کنند**

**چونان قاصدك**

**به دست های باد عشق توام من سپارند**

**و در سرما ریزەی روحت می رو یانندم!**

***

بەکوردی لەدەربەندی پەپولەدا بەمجۆرە هاتووە:

**وا لەسەرخۆ**

**بەرد بە بەردی**

**کێوی سەرم ئەپشکوێنن**

**لق بەلق‌و چڵ بەچڵی**

**دەست‌و پەنجەی وشکەڵاتووم**

**شین ئەکەن‌و وەك باویلکە**

**ئەمدەن بەدەم بارێزەکەی ئەوینتەوەو**

**لەشەختە بەندانی گیانتا: ئەمرسکێنن.**

***

ئەم دوایین پارچەیە کە (**دست های باد عشق تو**)، (**بەدەم بارێزەکەی ئەوینتەوە**) کە یەك بەدوای یەکدا هاتنێکی زێدەو سەربارە بەهۆی وشەی (**سرماریزە**)، (**شەختە بەندانی**) کە دیار نییە چ وشەیەکەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی‌و ئەو وشەیەی بۆ دانراوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرباربوونێك دروست بکات. بەڵام ئەم رستانە رستەی شێرکۆن:

**زوزه زوزه**

**باد دشت را مرور می کند**

**نیز دم به دم**

**نفسم قامت تورا!**

**چه گرد باد سبزو**

**چ اسب افسانه ای بال داری است!**

**از این انتهای دنیا،**

**باشتاب سر می رسد**

**و به دورست ها**

**بەسوی (اوبەی) قشلاقی توام در می ر باید!**

شیعرەکە بەکوردی لەدەربەندی پەپولەدا بەمجۆرەیە:

**گڤە گڤە (با) پێدەشت ئەخوێنێتەوەو**

**نەفەس نەفەس هەناسەیشم! باڵاکەی تۆ**

**چ گەردەلوولێکی سەوزەو**

**چ ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە وا**

**لەم کۆتایی دنیایەوە**

**بەپرتاو دێ‌و هەڵم ئەگرێ‌و ئەمفڕێنێ‌و**

**دور دور ئەمبا**

**بەرەو هۆبەی ئارانی تۆ**

***

لەم دێڕانەدا نا هاوسەنگی‌و بەرزو نزمی کە بێگومان گرفت لەوەرگێڕانەکەیدایە، بەڵام ئەو رستانەی خوارەوەی شێرکۆ زیندون، چونکە باسی سەفەرە:

***

**آنك سفر!**

**سفر،**

**سفر:**

**سفر بەدردی مادر زاد**

**سفر درخت بی پناه و رقص زخم های مسافر**

***

شیعرەکە لەلاپەڕەی 4ی دەربەندی پەپولەدا بەمجۆرەیە:

**سەفەرە**

**سەفەرە**

**سەفەر.**

**سەفەری ئازاری زگماك و سەفەری**

**درەختی بێ دالْدەو بیرێتەی زامانی گەڕیدەو**

***

هەر لەهەمان سەرەتای شیعرەکەوە دیارە کە ئەم شیعرە سەفەرێکە بەنێو شتەکاندا، ئەو شتانەی کە جگە لەدەردو ئازارو برین هیچی دیکە نین. (چارەنوسی گەلی کورد تاکو ئەمڕۆ) زاڵبونی ناواخنێکی ئازاراوی و ئازاربەخش شتێکی سروشتیە کە زمان بەرەو (تایبەتمەندییەکان) و (با) ئازاراویەکان و.... ببات. زاوای مەرگ بەرەو ژووری بووك لەشەوی یەکەمدا دەڕوات و دەبێت پێشوازی لێ بکرێت:

***

**پسینگاە**

**بعد از اذان زخمتان**

**پسینگاە.... بعد از شام گریستەتان (گریە هایتان یا اشك هایتان)**

**سر می رسیم**

**بەگاە آمدن**

**برقلە حضرت (نالی) برایم برا فروزید**

**گردن درختی باشد**

**یا انگشت نرگسی**

**یاگیسوی بنفشە،**

**بر بلندای (گلکون) (حاجی) زخمی برایم بگیرانید**

**سربریدە شعر باشد**

**یا پستان (وسانان)**

**یا قامت (حلبچە)**

**بعد از اذان زخمتان سر می رسم**

**بەگاە آمدن**

**در آستانە دروازە آە سردتان**

**لماقی برایم برا فرازید**

**شایستە پادشاە غم واین افسر غربت**

**شایستە ریش (خندان) و هیبت (جلادت)**

***

دەقی کوردی شیعرەکە بەمجۆرەیە!

**ئێوارە.... دوای بانگی برینتان من ئەگەم.... ئێوارە.**

**ئێوارە.... دوای شێوی گریاوتان لاتانم.... ئێوارە.**

**کە هاتم**

**مۆمێکم لەقوللەی حەزرەتی (نالیی)دا بۆ هەڵکەن**

**با ملی داری بێ**

**یان پەنجەی نێرگزێ**

**یان قژی وەنەوشە.**

**زامێکم لەدوندی (کە کۆن)ی (حاجی)دا بۆ پێکەن**

**با سەری بڕاوی شیعرێ بێ**

**یان مەمکی (وەسانان)**

**یان باڵای هەڵەبجە.**

**دوای بانگی برینتان من ئەگەم**

**کە هاتم**

**لەبەردەم دەروازەی هەناسەی ساردتانا**

**تاقێکم بۆ لێدەن**

**شیاوی شای خەم بێ و ئەم تاجی غوربەتە**

**شیاوی ریشەکەی (خەندان) و**

**شیاوی هەیبەتی (جەلادەت)**

***

هەر بەمجۆرە دیمەن بەدیمەن و ئیپزۆد بەئیپیزۆد پیشاندانی ئازارو رەنجی کورد دەهۆنرێتەوە یان دەبێت بڵێم وەك (دیمەنێکی شانۆ) نمایش دەکرێت.

شیعرەکانی شێرکۆ پڕن لەناو. ناتوانیت لەچیای پرژوبڵاوی (کوردستانەکاندا) باسی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیا بکەیت. ئەگەر ئایدۆلۆژیا هەبێت یەك یایدۆلۆژیاییە ئەویش ئایدۆلۆژیای (کورد). ئیدی پەیڤی دیکە سەبارەت بەشاعیری کوردستانی مرۆڤ شەرمەزار دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بڵێم: لەشیعرەکانی شێرکۆدا سیفاتی زۆر کراونەتە سەرباری وشەکان. هەروەك پێشینان گوتویانە بڵێم زیادەی یەك لەسەریەك لەشیعرەکاندا زۆرن. شاعیری کوردستانی هەر بەم شتانەوە ژیان دەکات. پێ لەسەر هەر فرە بەردێك دادەنێیت دەبێتە بوونەوەرێکی زیندوو، لەگەڵ سیفەتێکداو لەگەڵ هارمۆنی شیعردا دەبێتە نۆتێك. شیعری شێرکۆیش لەو جۆرەیە (یان لەوانەیە وەرگێڕدراوەکەی لەو چەشنە بێت) بەهەرحاڵ دەبێت وەرگێڕەکان بۆ وەرگێڕانی شیعرگەلێکی وەك شیعری شێرکۆ دەستێکی باڵاو توانایییەکی زۆریان هەبێت. بۆ نموونە لەباتی وشەی داتاشراو کە سیفەتێکی بۆ دانراوە دەبێت توخمەکانی دروستکردنو داڕشتنی شیعرو هەلومەرجەکەی پێشکەش بکەن. دروستە هەر بەو جۆرەی کە لەسەرەتادا ئاماژەم پێکرد هەموو شتێك لەباکگراوندی شیعری کوردیدا ناجێگیرو گوماناوییە، بەڵام دەتوانرێت بەیارمەتی وەرگرتن لە(دروستکردنی رەوش) هەمان واتاو ناوەرۆك رونبکرێتەوە. نمونەیەك لەشیعری (ئەفسانە)ی (نیما)[1] دێنمەوە. گریمانەی ئەوە بکە تۆ دەتەوێت لەو شیعرەدا (کەڵەکێوی سەرسوڕهێنەری هەڵاتو) وێنابکەیت کە نیما دەڵێت:

ناگهان یك گوزن فراری

شاخەای را زبرگش تهی کرد

لەو دێڕەدا بەبێ ئەوەی کە هیچ سیفەتێك کرابێتە سەر باری زمان رەوشێك گەڵاڵە کراوە کە سەرسوڕهێنەربوونو سەرسام بوونی تێدایە.

لەشوێنێکی دیکەداو لەدرێژەی چوار خشتەکییەدا دەڵێت:

آه دیری است کاین قصه گویند

کز بر شاخه مرغی پریده

مانده بر جای از او آشیانه

ئایا دەکرێت خەمی بەتاڵبوونو بۆش مانەوەی شوێنێکی لەبیر نەکراو لەوەباشتر بگوترێت؟

شیعرەکانی شێرکۆ پڕن لەمجۆرە ئیمتیازانە، بەڵام ئەوەندە ناجێگیریو پەشۆکانی تێدایە، بەو رادەیە کە هەمووشتێك لەخڕە بەردێکەوە تاکو زنارێك، تاکو دارێك، سێبەرێك، مرۆڤێکی (دوژمن ئاسا) گوماناوین. شاعیری کورد هەندێك جاری دەرفەتی نابێت کە بیرێکی ئەوتۆ لەپێکهاتەی شیعرو وردەکاریەکانی بکاتەوە ئەو بەمجۆرە رووبەڕووی رووداوەکانو شتەکان دەبێتەوە.

گزیرت نبود

می بایست با زبانه آتش می نوشتی

و دوزخی برای ترسو خاموشی است بر می افرو ختی

پیوسته تبراستو (کە) در باد می بارد

پیوسته سیلو شمشیراستو یورش بیابان

این گیسوی جامانده شعر است

یا کاکل خواب (دە) ای

این آینه شکسته از آی آفتابی است

یا دفتری؟

پس این رودخانه کشته

دا دار دشت بود یا پسری

پس این جیف های ریخته

از آن من است یا درختی؟

پس این یکی گل پستانی است یادانه گیلەس

این گربەی سوخته است یا طفل من؟

پس این یکی سر پدر من است یا (گلوه)

تنور

اینها پرهای ریخته پر یانند یا کبوتران

پس اینها گردی چشمان من اند یا دانه های زیتون وانگور

نمی دانم چگونه بازشان شناسم

نمی دانم من چگونه از هم شات

نمی دانم من چگونه

نمی دانم من

نمی دانم

نه....

***

شیعرەکە بەکوردی:

-هەر ئەبوو، وا بکەی، هۆنراوە

بەنووکی بڵێسە بنووسی‌و

دۆزەخیش بۆ ترس‌و بیٚ دەنگیت دابخەی!

-بەردەوام هەر تەورەو بە(با)وە ئەباریٚ.

بەردەوام لافاوی شمشێرو هێرشی بیابان.

*

ئەمە پرچی بەجێماوی قەسیدەیە؟

یان کاکۆڵی خەونی گوندیٚ؟

ئەمە ئاوێنەی شکاوی هەتاوێکە

یان هی کچیٚ؟

ئەی ئەم رووبارە کوژراوە

یاری دەشت بوو یان هی کوڕیٚ؟

ئەی ئەم قیژە هەڵوەریوە

قیژەی دایکمە یان درەختیٚ؟

ئەی ئەمەیان گوێ مەمکە یان دەنکە گێلاس؟

ئەمە پشیلەی سووتاوە یان ساواکەم؟

ئەی ئەمەیان سەری باوکمە یان گوڵێنەی تەندورەکە؟

ئەمانە باڵی وەریوی پەریەکانن یان کۆترەکان؟

ئەی ئەمانە گلێنەمن یان دەنکە زەیتون‌و تریٚ؟

نازانم ئەز چۆنیان لەیەکتر جیاوەکەم؟

نازانم ئەز چۆنیان لەیەکتر

نازانم ئەز چۆنیان...

نازانم ئەز....

نازانم....

نا....

***

وەڵامەکەی ئەوەیە:

-وا مێژوو جۆلانەی شەهیدە

***

شیعری شێرکۆ رووبار یان دەربەندە کە تۆ بەهەر جۆرێك گوزەری پیا بکەیت، تەنانەت پارچە بەردێك یان درك‌و داڵ بەبیٚ خۆت نابینیت. ئێستا لەیادتان بێت شاعیرێك کە بۆتە دانیشتوی شار (چ لەسوید یان سلێمانی) بیرکردنەوەی شاریانە (شارستانیانەی) هەیە. لەئاستی بەرزدا دەرزی خوێندەوە، بەڵام لەهەمبەر ئەو راستیانە کە لەڕووبەڕوویدان چی بڵێت‌و کەی دەرفەتی دەدەنیٚ خەریکی رازاندنەوەو خەملاندنی شیعرەکانی بێت.

شێرکۆ نرکەی شێری گەلی کوردە.

شێرکۆ دەنگی رەسەن‌و زوڵاڵی شیعری گەلی کوردە.

سەرچاوە: نویس ژمارە (3) پاییزی 1383

## دیداری (مەنوچێهر ئاتەشی)* لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا

لەڕۆژێکی پاییزیداو راکە راکە بۆ گەیشتن بەژوانی شاعیرێکی موسافیرو پاشان دۆش دامان مخابن بۆ یەك چارەکە سەعات درەنگ گەیشتن، لەجگەرە یەك بەدوای یەکەکانیدا، لێو گەستنەکانی، لەچاوبڕینە دەرگاکە جۆرە بیٚ ئۆقرەیی‌و چاوەڕوانی هەمیشەیی تێدا دەبینم. لەساڵۆنی ئوتێلەکەدا رووبەڕووی دەرگاکە دانیشتووە. پێش سلاوکردنەکەم دەستی بەرزدەکاتەوەو دەڵێت:

لەسەر کاتدا نەهاتیێ. ترافیك دەکەمە بیانو، قبوڵی ناکات. بەکوردی داوا لەئوتێلدارەکان دەکات کە چامان بۆ بێنن. پێدەکەنێت‌و دەڵێت هەموو شوێنێك بۆ من سلێمانییە.

***ئەگەر کەسێك لەهەر شوێنێکی جیهاندا لێت بپرسێت کێیت؟**

**شێرکۆ لەوەڵامدا دەڵێت:** ئەو کەسەی کە بۆ شیعر دروست کراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ شیعردا ژیان بکات، عاشقی شیعر بێت یان لەوانەشە بڵێم من عاشقی وشەم‌و لەژێر بنمیچی شیعردا لەدایك بووم. بەدوای جوانیەکاندا دەگەڕێم‌و دەمەوێت دەنگیان بم. کۆچبەرێکی زمان. تاکو ببمە باڵندەیەك‌و لەفەزای شیعردا بفڕم‌و گەر لێم قبوڵ بکەن من بارانێکم کە دەمەوێت بۆ هەمیشە لەوڵاتی شیعردا ببارێم. لەم ڕووەوەیە کە حەز لەگەشت دەکەم. کۆچبەرێك کە لەکۆچی خۆیدا شیعری لەگەڵدایەو لەگەڵ خۆی دەیگەڕێنێت.

پرسیار لەبارودۆخی هاوڕێیان‌و فەزای ئەدەبی‌و هونەری ئێران‌و کوردستان دەکات. باسی (سەردەم)و (ئاینده)و (شیعرستان)و ئەو پرۆژانەی دیکە دەکات کە ئامادەی جێبەجێکردنن. لەناو قسەکانیدا هەست بەڕەزامەندی‌و ئارەزومەندی دەکەم کە دەتوانێت لەنیشتمانەکەیدا بۆ عەشقی خۆی بنوسێت‌و لەئازادیدا بەچاپیان بگەیەنێت. کارو کارو کار ئاواتی هەمیشەییان بووە. بانگهێشتی سەعات (12)ی گۆڤاری (کارنامە)[1]ی بەیاد دێنمەوەو زوو ڕویشتنمان پێ باشترە لەدواکەوتن، حەزمان لەپیاسەیە. باسی ماندویی‌و ڕاکە ڕاکە بۆ وەرگرتنی ڤیزەو گەشتەکانی دەکات.

***لەو گەشتانەدا چارەنووسی شیعر چیی لێدێت؟**

**شێرکۆ:** بێگومان گەشت بۆ خۆی شیعرە، گەشت تێکەڵ بوونەکانە، پەیوەست بوون‌و ئەزموونی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت کە هەوێنەکانی شیعریان تیا دروست دەبن. مەگەر شیعر بۆ خۆی هەوڵێك نییە بۆ ناسین دۆزینەوەی جیهانی دەوروبەرمان‌و دیتنەوەی ونبووەکان؟ گەشت فەزای شیعر لێوانلێو دەکات لەخۆبوون‌و تەنیایی. شاعیر بەبێ گەشت وەك پەنجەرەیەکی داخراوە. جگە لەگەشتەکانم بۆ ئەوروپاو وڵاتانی دیکە لەکوردستانیشدا لەگەشتدام. هەمیشەیش دەمەوێت شیعرم لەگەڵدا بێت، تاکو بناسرێت‌و خۆی بناسێنێت، تاکو لەشەقەی باڵ بدات.

ئەوەندە ئاوێتەی شیعر بووە کاتێك قسەم بۆ دەکات هەست دەکەم کە شیعرم بۆ دەخوێنێتەوە. لێوانلێو لەهەست، مەوزوون، بەتەوژم شەپۆل. بەیادی دێنمەوە کە لەبەرامبەر لوتکەی تۆکمەی وشەو زماندا ڕاوەستاوم. بەپەلە بەڕێدا دەڕوات جانتا ڕەشە چەرمییەکەی ئەملاو ئەولا پێدەکات. پرسیار لەدوری ڕێگاکە دەکات. بەناو نابردنی کەسایەتیەك لەخەم‌و نیگەرانیەکانی تێدەگەم. دڵگرانی نیشتمان‌و دەست تێوەردانە، کە شێرکۆ گوتەنی حەزییان لێیەتی لەزەماوەندی برا کوژیدا شایی بگێڕن. ئەوەندە دڵنیگەرانە کە وەك بڵێیت خەویان لێ شێواندووە.

**شێرکۆ:** عەشق بەنیشتمان لەو شتانەیە کە لەسەردەمی منداڵی‌و سەرەتای دەستپێکرانی شیعر گوتندا بۆ هەمیشە لەگەڵمدابووە. من بەو عەشقەوە ژیاوم. شاعیرێك نیم کە بەتەنیا شیعر بۆ خۆم بڵێم. من لەوڵاتی بێسەرو شوێن کراو ئەنفالکراوەکاندا ژیان دەکەم، کەواتە دەبێت هاوڕێی بەبەزەیی‌و دڵسۆزی هەموو جوانیەکان‌و کێشە مرۆییەکان بم. ئەوەش چ لەکاتی بەرگریدا بێت یان لەئێستادا بێت وەك یەك وایەو (کاتەکان جیاوازی دروست ناکەن).

چەند ساڵ پێش ئێستا لەکوردستانی ئازاددا بەهۆی داخستنی ڕۆژنامەیەکەوە[2] خۆم لەوەزیری وەزارەتی ڕۆشنبیری کشاندەوە، چونکە پێش هەر شتێك من شاعیرم. ژیان‌و بیرکردنەوەم بەمجۆرە بووە:

ئازادی، خەمی نیشتمان، سروشت. ئەم سێیانە جیهانی شیعری منیان خوڵقاندووە. تەنانەت کاتێك بیر لەسروشت دەکەمەوە دەمەوێت لەزمانی سروشتەوە شیعرێك بۆ ئازادی بچڕم.... لەزمانی گەڵایەکەوە، چۆلەکەیەك یان بارانێکەوە. ئەوە چارەنووسی شیعری منە، ئەگەر سەرنجێك لەشیعرە سەرەتاییەکانم بدەیت دەبینیت کە هەمیشە سەمبول گەلێکی وەك کاك فوئاد، بەردەقارەمان و.... بوونیان هەبووە. کاتێك باس لەهێمایەك دەکەم و وەك پاڵەوان و میتۆلۆژیایەکی لێدەکەم تەنها هێمابوونەکەیەتی کە من بۆ خۆی رادەکێشێت، بەڵام قەت پەیوەست بوونی ئایدۆلۆژی و حزبی لەئارادا نەبووە. سەرلەنوێ لەسەرەتای دروستبوونەوەی خۆڕاگری و لەو کاتەدا کە ئیدی لەکوردستاندا چرایەك رووناك نەبوو. کۆمەڵێك لەو لاوانە بزووتنەوەیەکیان وەگەڕخست کە من بۆ خۆم ئەوانەم بەنێو رێکخراوەیەکەوە نەدەناسی، بەڵکو حەماسەت و قارەمانیەتی ئەوان لەشیعرەکانی مندا رەنگیدایەوە، چونکە من ئەوانەم وەك فەرهادە شۆڕشگێڕەکان، سیامەندەکانی هاوچەرخ و ئەو میتۆلۆژیانە دەدیت کە بۆ ئازادی گیانیان پێشکەش دەکەن. مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی لەخولیا و پەرۆش بوونە هزرییەکانی منن. شاعیر دەتوانێت خاوەن بیرکردنەوەی سیاسی بێت، بەڵام نابێت لەقەفەسی ئایدۆلۆژیایەکدا بمێنێتەوە. کارەساتەکان بەجۆرێك پەلامارمان دەدەن کە دەبێت بوەستین و خۆڕاگری بکەین. لەو کاتەدا دەرفەتێك بۆ رازاندنەوەی (خەملاندنی) شیعر نامێنێتەوەو بیر لەفەنتەزیا ناکەیتەوە، بەڵکو ئەوەی لەبەردەستدایە خۆڕاگری پێدەکەیت وەك: بەردێك، دارێك، شیعرێك.

زۆر کەوتوینەتە هەلومەرجی لەو شێوەیە، کاتێك کە دەبێت لەهەمبەر مردندا دەنگ هەڵبڕیت، لەبەرامبەر کوژران، داگیرکردنی خاك و بەتاڵانبردنی ئازادیدا. من ناتوانم لەکەشێکی لەو جۆرەداو بەیەخسیری ژیان بکەم و بێدەنگ بم، لەو هۆیەوەیە کە نەڵێن ئەو شیعرە سیاسییە، شیعر، شیعرە. دەبێت ئێمە جیاوازی لەنێوان شیعری بەرگری و دەربڕینی مەزڵومیەت و شیعری سیاسی و بەکرێگیراودا بکەین. زۆرێك لەشیعرە بەرگرییەکان بوونەتە جوانترین و لەیادنەکراوترین شیعرەکانی جیهان. زۆر جار ناچاربوون پێویستی شیعر دێننە مەیدان، گرنگ ئەوەیە کە ئەو پێویستییە ببێتە شیعر. جیلی ئێمە لەقوڵایی کارەسات و لەهەمبەر باهۆزەکاندا بوون، هەروەك شاعیرانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کە تەوەری سەرەکی بەرهەمەکانیان مەرگ، برسیەتی و ئاشتی بووە. ئایا دەبێت پرسیار بکەین و بڵێین ئەوانە بۆچی؟

**هیوا:** لە(تریفەی هەڵبەست)ەوە بەرەو شیعری کورت و لەئەنجامدا رۆمانە شیعرو قەسیدەی درێژی وەك (دەربەندی پەپولە)و (خاچ و مارو رۆژژمێری شاعیرێك)و سەرلەنوێ سەیری فۆرم و خەم و خولیاکانی دیکە، شێوازی گێڕانەوەو روانگەتان لە(بۆننامە)داو هەروەها هەوڵێکی نوێی شیعری و زمانی لە(نسێ)داو ئێستاش گوتارە شیعری ژیاننامەی لە(پیاوێك لەدار سێو) ئایا، ئەو هەموو ئەزموونە لەوێستگەیەکدا رادەوەستێت؟

**شێرکۆ:** تریفەی هەڵبەست یەکەم دیوانە شیعرمەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزاییەی کە تازە بەتازە دەمویست بێمە جیهانی شیعرەوە. بەو جۆرە رادەمێنم کە لەدیوانی سێیەمەوە واتە (من تینویەتیم بەگڕدەشکێ)و کۆمەڵێك قەسیدی کورتی وەك (دوو سرودی کێوی)و (کۆچ) کە لەساڵی 1975دا چاپکران لەجیهانی شیعری خۆم نزیکتر بوومەوە. بۆ یەکەم جار چەند دەنگیم لەشیعردا ئەزموون کرد، وەك ئەو درامە شیعرانە نەبن کە تەنها دەنگی وێژەی شاعیری تێدا دەبیسترێت. هەروەها میتۆلۆژیا و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیم بەداڕشتنەوەیەکی نوێ و دەربڕین و زمانێکی

نوێیەوە هێنایە نێو شیعرەکانمەوە. ئەوە سەرەتای ڕێگایەك بوو بۆ ڕۆمانە شیعر، ڕۆمانە شیعر ژانەرێکی نوێ بوو بۆ دواندنەکانی سەردەمی خۆی لەڕەهەندی جۆراوجۆردا، لەجوڵەو شەپۆل، گێڕانەوەیی و وتووێژدا. ئەوە پێویستییەکی تایبەت بوو بەهەلومەرجی کات و شوێنی منەوە کە لەگەڵ خۆیدا وشیاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفی و خەنەو شاعیرانەکانی هێنایە بوون. دەبێت شاعیر، شاعیری سەردەمی خۆی بێت و هەر سەردەمێك شیعری خۆی و زمان و ژانەری تایبەت بەخۆی دەوێت. سەردەمی ئێستامان دیواری نێوان هونەرەکانی کورتتر کردۆتەوە، لەم ڕووەوە هەمیشە هەوڵمداوە کە بۆ شیعر سوود لەڕوانگەو بینینەکانی ڕۆمان و سینەماو شانۆ وەربگرم تاکو پانتاییەکی فراوانتر بۆ مانۆڕدانی شیعر بخوڵقێت. ئیدی لەو کاتەدا گوێگر توانست و هەستی زمانی مەجازی و ئیستعماری نابێت کە ئەوە بۆ خۆی هۆکارێکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ستاتیکایەکانەو دەبێت زمانێکی نوێ، فۆرمێکی نوێ و لەئەنجامدا ڕوانینێکی نوێ بوونی هەبێت. من ئەوەندە بەدوای وێناو ئیماژدا ڕۆشتم کە شیعر بۆ من بوو بەدروستکردنی وێنەو وێناگەری بەوشە، کە هاوڕێ بێت لەگەڵ مۆنتاژێکی شایان و گونجاوداو هەوڵمداوە ئەوەندە خوێنەر سەرسامی نێو وێناکان بکەم کە بۆ خۆی بیر لەدەربازبوون و ڕزگاربوون بکاتەوە یان لەواتایەکی دیکەدا بیر لەڕاڤەکردنیان بکاتەوە. وێنا ناخی ڕامان و زەینی خوێنەر دەخاتە گەڕ تاکو کەمتر هەست بەئامادەبوونی نووسەر بکرێت و ڕاڤە (خوێنەر) دەباتە دەرەوەی سنورەکانی شیعر. وێنا وەك تاڤگە پەیتا پەیتا زەینی خوێنەر لێوانلێو دەکات لەفەزای شیعر تاکو بەجۆرێك بۆ تێگەیشتن لەشیعر ئاوێتەی سیستمی بینین و بیستن بێت. (ژن و باران)م سپاردۆتە چاپ کە دیسانەوە ئەزموونێکی نوێیە. ئێستا خەریکی کارکردنم لەسەر ڕەنگەکان، واتە ئەگەر لەبۆننامەدا بەڕێگەی بۆنەکانەوە لەگەڕان و دەربڕیندا بووم ئێستا دەمەوێت لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە گەشتێك بۆ ناخی خۆم بکەم، واتە ئەزمونێکی ڕەنگاڵەیی. هەر ڕۆژەوە جیهانێکی نوێیە کە هاوکاتە لەگەڵ خەونی نوێداو من بیر لەشیعرێکی نوێ دەکەمەوە، خەونی نوێ فۆرمی نوێی دەوێت، واتە دەمەوێت بڵێم بەزاندنی ڕامان بەزاندنی فۆرم لەگەڵ خۆی دێنێت.

گەیشتوینەتە (کارنامە). مەنوچێهری ئاتەشی گۆچانێکی بەدەستەوەیەو ئەوانی دیکە تێکڕا چاوەڕوانی دیداری شێرکۆ بوون. شێرکۆ بەدیتنی گۆچانەکەی ئاتەشی هەواڵی تەندروستی دەپرسێت، هەروەها منیش هەواڵیم پرسی و بەمشێوەیە بەڕێز هەواڵیمان دەپرسی و هاوکات لەگەڵ هەواڵ پرسین و پێخۆشحاڵ بوون، لەژوورێکی بچووك بەفراوانی و مەزنی جوانیەکانی پەیڤین، هەست، نۆستالۆژیا و دیالۆگدا دوو شاعیری هاوجیلی گەلانی کورد و فارس هاوڕێی لەگەڵ ئامادەبووانی دیکەدا لەدەوری مێزێك دادەنیشین و دەبێت منیش کاری وەرگێڕانیان بۆ بکەم.

ئاتەشی: پاش سەردانی پێشانگای شێوەکاری یەکێك لەدۆستانمان باس لەو شیعرانە دەکرا کە پڕن لەیاری زمانی، بەڵام پووچ و بێناوەڕۆکن و مانایان تێدا نییە. ئەو شیعرانەی کە بەزۆری لەسەر بنەمای شیکردنەوەی تیوریك بوون کە دەرەنجامی تیورییەکانی (بارت) و (دریدا) بوون و بەجۆرێك دزەیان کردبووە ناو شیعر کە وەك بڵێیت ئێمە لەم کەونەدا ژیان ناکەین، لەم کۆمەڵگایەدا ناژین. دەڵێیت ئەو برینە قوڵ و مەزن و شاراوەوە ئاشکرایانەمان نییە. باسەکەمان لەسەر ئەوە بوو کە وێڕای بوونی کۆمەڵگاو دەوروبەرەکەمان هونەرمەندان[3] لەنێو شیعرەکانیاندا شتێك لەو ئازارانە ڕەنگی نەداوەتەوە یان ناشارەزان یان بارودۆخی ئەم زەمەنە جۆرێکی لێهاتووە کە شیعری لاوەکانمان تا ئەو ڕادەیە بێ هەست و بێ قوڵایی بن.

**شێرکۆ:** تۆ ئاماژەت بەیەکێك لەقەیران‌و گرفتەکان کرد. ئەو کێشەیە لەمرۆدا وەك نەخۆشییەکی پەتا ئاسایە. کولتوری ئەمرۆی جیهان‌و روناکبیری ئەمرۆ تا ئەو رادەیەی کە توانیویەتی کولتورەکان لەیەك نزیك بکەنەوە لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە نەخۆشیانەشی بلاوکردۆتەوە (بوونەتە مۆدە). بەبڕوای من ئەگەر ئێمە لەئازارەکانی خۆمانەوە دەست پێنەکەین، واتە ئازارەکانی خۆمان نەناسین قەت ناتوانین بیر لەو ئازارە جیهانیانە بکەینەوە.

**ئاتەشی:** من کە شیعرەکانی تۆم دەخوێندەوە، هەڵبەت رێژەیەکی زۆر کەمیان. لەهەمان کاتدا کە لەشیعرەکانی تۆدا رووبەڕووی جوانیەکان‌و دیمەنی شازو نوێی شاعیرانە دەبینەوە، رووبەڕووی خۆشی‌و ئەو چێژانە دەبینەوە کە ئێمە ناومان ناون مۆدێرن‌و پۆست مۆدێرن. دەتوانیت دەرفەتمان بدەیتێ‌و لێت بپرسین چلۆن تۆ ئەم تێهەڵکێشانە جوانانەت دروست کردووە، سەرەڕای ئەزمونی ژیانێکی قورس‌و ئەو دژواریانەی کە لێوانلێو بوون لەخەبات‌و تێکۆشان. بەڕاستی مرۆڤ هەستدەکات شیعرێکی باشی جیهانی دەخوێنێتەوە. وەك بڵێیت شیعری (پۆل ئەلیڤار) دەخوێنیتەوە، یان بۆ نموونە ئەو شیعرانەی کە ئێمە پاش قۆناغی کودەتا دەمان خوێندنەوە. دەمەوێت بزانم بەم دژواری‌و سەختیانەوە چۆن گەیشتویتە ئەم شیعرانە. ئایا کەوتویتە ژێر کاریگەری شوێنێك یان ئەنجامی قوڵبوونەوەکان شاعیری خۆتە یان شتێکی دیکە لەئەدەبیاتی گەلی کورددا هەیەو بۆتە هەوێنی ئەم شیعرە جوانانەت.

**شێرکۆ:** ناتوانم ناوی کاریگەریەتی لێ بنێم، بەڵکو تاڕادەیەك ناوی ئەزموونە شەخسیەکانی خۆمی بۆ دەبێت. ئەوانەی کە من بینیومن‌و ژیانم لەگەڵ کردوون بێ هۆکارنین، ژیانی شاخ، زیندان، دورخستنەوە وەك نەتەوەیەك. لێکۆڵینەوەکانم سەبارەت بەشیعرو تێڕامانم لەسەر فۆرم بەتایبەتی لەشیعرە کورتەکانمدا، گەڕان‌و بێ ئۆقرەیی‌و خولیا بۆ دۆزینەوەی فەزای شیعری خۆم‌و هاوکات لەگەڵ فۆلکلۆری دەوڵەمەندو بەکارنەهاتووی کوردستانداو پێویستی بەگرتنەبەری زمانێکی نوێ، هەموو دەرەنجامەکانی رەوتی گەشەی فۆرم‌و شێوەکانی، پرۆسەی هاوچەرخی شیعری کوردی کە لەسەر بنەمای چەندەها تەوەری تایبەت دەسوڕاو لەئەنجامدا بەبلاوکردنەوەی چەند راگەیاندنێك‌و مانیفیستی شیعری وەك (کفری)و (روانگە) چارەنوسی خۆی تۆمارکرد. بزوتنەوەیەکی وردو بەدواداچوون‌و تۆکمە هاتە مەیدان منیش ئەندامێکی ئەو پرۆسەیە بووم کە لەگەڕان بەدوای روانگەی نوێ‌و ژانەری نوێی شیعرەوە بووین. من هەمیشە هەوڵم دەدا بابەتەکان بەجۆرێك دابڕێژم کە ناچار بەدوبارەبوونەوەی خۆم نەبم.

**ئاتەشی:** ئێستا گەلی کورد بەشێوەی پرژوبلاو لەچەند ولاتدا ژیان دەکەن‌و تێکەڵ بوون لەگەڵ کولتوری ئێران‌و تورکی‌و عەرەبیدا. دەمەوێت بزانم ئایا ئەم پرژوبلاوییە لەنێو چەند ولاتدا کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی کولتوری کوردەکان دانەناوە، لەکاتێکدا هەر کولتورێك پێویستی بەیەکگرتوویی هەیە. ئەگەر کاریگەری هەبووە بەچ شێوەیەك بووەو ئەگەر کاریگەری نەبووە لەچ هۆکارێکەوەیە؟

**شێرکۆ:** کاتێك باس لەکولتور دەکەین دەبێت دابەشبوونی سیاسی کوردستان رەچاوبکەین. ئەم دابەشبوونە جگە لەدابەشبوونی جوگرافی تاڕادەیەك دابەشبوونی کولتوریشی دروستکردووە کە کاریگەری کولتوری عەرەبی، فارسی‌و تورکی لەسەرە. بێگومان ئەم کێشەیە بەدرێژایی زەمەن زەربی لەیەکگرتویی کولتوریمان داوە، بەلام قەت نەیتوانیوە هەستی نەتەوەیی‌و یەکیەتی کولتوریمان گوماناوی بکات، واتە نەیتوانیوە هەستی نەتەوەیی‌و کولتوریمان وەلابنێت. وێڕای ئەو کاریگەریانە ئەو بابەتە هۆی دروستکردنی

جۆرێك لەڕوناكبیری تۆكمەو لێكۆڵەر كە پاڵپشتی بەهەمان خەزینەی توێژینەوەكانی گەلان بەستووەو چەند روانگەیی بوونی لێ دروست بووە. بۆ نموونە ئەگەر شاعیرێكی كورد لەئێراندا وەفادار بەكولتوری كوردی بێتو كاریگەری بەسودی لەكولتوری فارسی وەرگرتبێت، ئەو كاریگەریەتیە سودمەندی دەكاتو دەبێتە هۆی دروستكردنی جۆرێك لەدیالۆگ لەنێوان شیعری هاوچەرخی كوردی لەتوركیاو عیراقداو كە كوردەكانی ئەو وڵاتانەش هەندێك كاریگەریەتیان لەدراوسێكانی خۆیانەوە وەرگرتووە. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم كە چۆنیەتیو توندیو جۆری كاریگەربوونەكە بەپێی كاتو شوێن جیاوازبووە. لەكوردستانی عیراقدا (باشور) توندییەكەی كەمتر بووە، چونكە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی سیاسییەوە زمانی كوردی لەخوێندنگەو زانكۆكاندا دەگوترانەوەو خاوەنی رادیۆو تەلەفزیۆنی كوردی بووین، بەڵام ئەم بابەتە سەبارەت بەتوركیا كە تەنانەت تاكو ئەم چەند ساڵەی دوایی نكوڵی لەبیست ملیۆن كورد دەكرد جیاوازە.

**ئاتەشی:** گەلی ئێرانیش مێژوویەكی لێكترازاوی هەیە، مێژوویەك كە هێرشی ئەسكەندەرو جێگرەكانی سەردەمانێكی درێژ حكومەتیان بەسەرمانداكرد، پاشان عەرەبەكانو تەتەرەكانو لەدواییدا ئەو لێكترازانە نێو خۆییە كە پاش یەككگرتوویی ساسانیەكان رووبەڕووی بوینەوەو تاكو سەرەتای ئەم سەدەیەش توشمان بووبوو، بەڵام ئێمە لەم مەودایەداو لەهەمبەر ئەو قەیرانانە كە دروست دەبوون توانیمان ئەدەبیاتێك بخوڵقێنین كە ناوی دەنێم ئەدەبیاتی رەنگدانەوەیی، واتە ئەگەر ئێمە لەهەمبەر عەرەبەكانداینو رووبەڕوویان بووینەتەوەو لەڕووی شمشێرو زۆرەوە پێمان دۆڕاندوون، بەڵام توانیمان لەڕووی زمانەوە ئەو رەهەندی رەنگدانەوەییە دروست بكەینو تەنانەت رێزمانو رێبەرمان بۆ نووسین. بێگومان دەبێت ئەو رەهەندە رەنگدانەوەییە لەكولتوری كوردیشدا بوونی هەبێت. واتە دەبێت بتوانێت لەكولتوری ئێرانی یان عەرەبی وەربگرێتو لەكولتورەكەیدا رەنگبداتەوە، چونكە من چەند لایەنێك لەتایبەتمەندییەكانی رەنگدانەوەی لەشیعرەكانی ئێوەدا دەبینم. ئەوەی كە قەت شێركۆ نەیخواستووە بێڕێزیو هەڵچوو ن بەرانبەر بەنەتەوەكانی دیكە بكات بۆ خۆی جۆرێكە لەنیشانەی كولتوری رەنگدانەوەیی.

**شێركۆ:** ئەگەر شیعر مرۆیی نەبێتو بۆ جوانكردنی جیهان نەگوترابێت ئیدی ئەوە شیعر نییە، كەواتە من ناتوانم شاعیرێكی هێرشبەرو دژە كولتوربم. بێگومان كولتوری دراوسێكان كاریگەرییان لەسەر یەكدیكە هەبووەو ئەوەش لەدوو شێوەدا دەبینرێت یان بەشێوەی سروشتی واتە ئاڵوگۆڕی كولتوری تەندروست بووە یان بەشێوەی زاڵكردنی كولتوری هێرشبەرو داگیركار دەبێت، كە ئەوەش بۆ خۆی وشیاریو نەستی كۆمەڵایەتیو سیاسیو تەنانەت هەمیشە لەگەڵ زمانی كوردیدا لەململانێدا بوون. كاتێك تەتەر (مەغۆل) دێنە ئێران بەشێوەی هێرشێكی لەشكەری دێنە مەیدانو كاتێك لەبەرانبەر كولتورێكی دیكەدا كە پێشتر هیچ جۆرە ئاشناییەكیان پێكەوە نەبووەو شێوەی ژیانی كۆمەڵایەتیو شارستانی جیاوازە رادەوەستێت، بێگومان كەوتۆتە ژێر كاریگەریو لەپرۆسەیەكداو لەنەستدا، هەستی ئاڵوگۆڕی نەتەوەییو كولتوری دروست دەبێت، ئەگەر ئێرانیەكان كاریگەرییان لەسەر تەتەرەكان، ئەسكەندەرو عەرەبەكان دروستكردووە بێگومان ئەوانیش كولتور، زمان، داب‌ونەریتو تەنانەت ئایینی ئێرانیەكانیان گۆڕیوە. ئەگەر نا فەردەوسی (شاهنامە)ی نەدەنوسی كە بەمەبەستی بەرگریو وەك خۆی گوتەنی بۆ زیندوكردنەوەی زمانو



کولتوری فارسی کە بەرەو لەناوچوون دەڕۆشت نوسیووە یان ئەو بزوتنەوە سیاسیانە بۆ رزگارکردنی ئێران لەدەستی داگیرکاران دروست نەدەبوون، بەڵام ئێمە لەکوردستاندا رووبەڕووی هێرشێك بووینەتەوە کە نکوڵی لەنەتەوەبوونو کولتورەکەمان دەکاتو نەتەوەو کولتورەکەمان بەبەشێك لەکولتوری خۆی دەزانێت، ئەوە هەمیشە بۆ من سەرنجڕاکێشو پێکەنیناوی بووە کە چلۆن وردە کولتورێك دەتوانێت بەشێك بێت لەسێ کولتوری عەرەبی، تورکیو فارسی. ئەو تایبەتمەندییە کولتورییە رەنگدانەوەییە کە تۆ ئاماژەت پێدا کەمتر لەکولتوری کوردیدا دەبینرێت، چونکە ئێمە هەمیشە بیرمان لەپاراستنی زمانو کولتورەکەمان کردۆتەوە، چونکە مەترسی لەسەر زمانو کولتورەکەمان بۆ پارچە پارچە بوون تا ئاستی هەڵوەشانو روو لەناوچوون دیتووە. بەڕاستی پەرجووە کە کولتورو زمانی کوردەکان ماوەتەوەو خۆی پاراستووە. ئەو زمانەی کە قەت سیستمی پەروەردە، ئەنستیتۆ، رادیۆو تەلەفزیۆنی سەربەخۆو حکومەتی نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ لەئاستی جیهانیدا باس لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردی دەکرێت ئەمەش لەکاتێکدایە کە مێژوو شاهیدی لەناوچوونی چەندەها گەلو شارستانیەت بووە کە لەهەلومەرجێکی باشتر لەقەیرانەکانی کوردستان ژیانیان دەکرد، وەك فینیقیو ئاشورەکان. هەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم کە ژینگەی جوگرافی کوردستان کاریگەر بووە لەپاراستنی کوردەکاندا ئەگەر لەدەشتەکاندا ژیانمان بکردایە چارەنوسمان شتێکی دیکە دەبوو. فاکتەرێکی گرنگ کە توانی کولتوری فارسیو ئێرانیەکان رزگار بکات بابەتی ئاینزاکان بوو، چونکە هەمیشە ئاینزا گەلێك لەئێراندا دروست بوون کە بەقبوڵکردنی ئایینی ئیسلام لەبیری رزگارکردنی ئێراندا بوون لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتەکاندا، ئاینزای جەعفەری رۆڵێکی لەمجۆرەی گێڕاوە، من دان بەوەدا دەنێم هەرچەندە نەتەوەی کورد توانیویەتی خۆی بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیووە وەك گەلێکی یەکگرتوو ئامادەی گۆڕەپانی جیهانی بێتو کاریگەری لەسەر دابنێتو شتێك پێشکەش بەکولتوری جیهانی بکات. لەزۆربەی سەردەمەکاندا مێژووی ئێمە خاوەنی دەنگی خۆی نەبووەو نیشانەیەکی لەکولتوری ئێمەی تێدا نابینرێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیو مێژووی کە بۆ هەر قۆناخێك هۆکارێکی هەبووە، ئەوەش باسێکی زۆری دەوێت.

ئاتەشی: هەڵبەت جیهانیش هیچ کارێکی بۆ کوردەکان نەکردووە. جیلی ئێمە بەسەر دوو هەرێمی زەمەنو شوێندا یان دوو بەرە کە لەبوارەکانی تێڕامانی شاعیرانەیە دابەش دەبینو بەم جۆرەش سەیرمان کردووە. یەکێك لەوانە تایبەتمەندی خۆجێییو گەلان بوو بۆ نموونە (نیما)[4] لەسەدەی بیستەمدا وەك شاعیری پێشەنگی ئێمە هاتە مەیدانو بەسود وەرگرتن لەکولتوری (مازەندەرانی)و توخمە خۆجێیەکانی ئەو کولتورە شیعر دەڵێت، بەجۆرێك کە هاوشێوەی بەرهەمو شیعرەکانی تۆیە. هەرێمێکی دیکەو دورترمان هەرێمی میتۆلۆژیاییە. ئێمە لەئاڤێستاوە تاکو شاهنامەو تەنانەت بۆ خۆم بیردەکەمەوە کە سودمان لە(ریگ)و (وێدا)و ئەدەبیاتی سەنسکرێتی

وەرگرتووەو شیعرەكانمان هەوێنیان لێ دەگرن. لەشیعری كوردیدا ئەو هەموو پرژوبڵاویو دژوارییەو لەناو جوگرافی دیاریكراودایە لەكام یەك لەو هەوێنانە سودی زۆرتری وەرگرتووە.

**شێركۆ:** یەكێك لەو سامانانەی كە ئێمە سینگ بەسنگ پاراستومانە (بەیت)ەكانن كە پڕن لەچیرۆكە كۆنەكانو میتۆلۆژیای فۆلكلۆری. هێشتا بەهۆی هەلومەرجی جۆراوجۆرەوە لەهەندێك ناوچەدا لەسەر شێوازی زارەكی ماونەتەوەو تازە بەتازە لەسەردەمی هاوچەرخماندا نوسراونەتەوە. یەكی دیكە گۆرانیەكانە، گۆرانیەكان یەكێك لەو بەرانە بووە كە قەت بێگانە نەیتوانیوە دزەی تێبكاتو بەدڵی خۆی كاریگەری لەسەر دابنێت. بۆ نموونە وەك (لاوك)و (حەیران) كە سەرچاوەی مەزنن، واتە بەیتەكانو گۆرانی سەرچاوەی دەوڵەمەندكردنو پێكهێنانی جوانیو نوستالۆژیای شیعری هاوچەرخی كوردی بوونو لەسەر شێوازی گێڕانەوەی مۆدێرن لەشیعری ئێمەدا رەگیان داوەتەوە. لێكۆڵینەوەو خوێندنەوە لەسەر تیوریە ئەدەبیە هاوچەرخەكانو خوێندنەوەو توێژینەوە لەسەر رامانو قوتابخانەكانی ئەمڕۆ ئێمە زۆرتر هاندەدات كە بایەخی فرەتر بەو جۆرە سەرچاوانە بدەین.

**ئاتەشی:** لەڕاستیدا ئێمە لەڕووی مێژووییەوە گەلی كورد بەهەمان گەلی میدیا دەزانینو یەكەمین گەل بووە لەئێراندا حكومەتی سیاسی دروستكردووە. لەلایەكی دیكەوە لێكۆڵینەوەكان نیشاندەدات كە زۆرێك لەگەلانی دیكە كە لەدەوروبەری ناوچە كوردنشینەكانداندو یەكێك لەو گەلانە كە (لوڕ)ەكانن بەگوتەی خۆیانو مێژووەكەیان گەلێك بوون كە لەكورد جیابوونەتەوە. لەم رووەوە كورد ریشەی رەسەنی ئێرانی هەیە. دەمخواست بزانم لەم بوارەدا چۆن بیردەكەیتەوە، لەم رووەوە بیرناكەیتەوە كە سەرچاوەی هزریو بیركردنەوەو هونەری كوردی دەتوانێت زۆرتر لەئێرانەوە نزیك بێت تاكو شوێنەكانی دیكە.

**شێركۆ:** دەمەوێت بەڕاشكاوانە وەڵامتان بدەمەوەو ئەوەش وەڵامی زۆربەی كوردەكانە بەتایبەتی روناكبیرانمان. ئێمە ریشەی خۆمان دەبەینەوە سەر زەردەشتیەكانو میدیەكانو ئەوەش شتێكی ئاشكراو سەلمێنراوە. ئەگەر ئێوە بۆ خۆتان لێكۆڵینەوە لەسەر زمانی كوردی بكەن ئەوەتان بۆ دەردەكەوێت كە یەكێكە لەزمانە ئێرانیەكان هەروەك بەلوچی، ئەفغانیو فارسی. واتە ئەم زمانانە هەموویان یەك پێكهاتەو ریشەیان هەیە. بەو رادەیەی كە زمانی كوردیو فارسی لەیەكدیكە نزیكن بەهەمان رادەش لەزمانی عەرەبیو توركیەوە دورە. هەر بەو جۆرەی كە هەست (ئاگایی)و تایبەتمەندی نەتەوەیی كوردەكان بەشێوەیەكی هەمەكیو دەتوانم نەترسانەش بڵێم هەمان هەستو ئاگایی نەتەوەیی ئێرانە، چونكە یەك ریشەی نەتەوەییو مێژوویی ئاینییان هەیە. دەبوایە پاش هاتنی ئیسلام ئەو پەیوەندییە لەگەڵ عەرەبەكاندا دروست بێت، بەڵام قەت كولتوری كوردی ئەو پەیوەندییەی كە لەگەڵ كولتوری ئێرانیدا هەیەتی لەگەڵ كولتوری عەرەبەكاندا نەیبووە. بوونی پێكهاتەیەكی رێزمانی هاوەشو هاوشێوە هۆیەكی دیكەی ئەو یەكیەتییەیە. زۆرێك وشەی عەرەبی هاتونەتە نێو زمانی فارسی، بەڵام چونكا رێزمانەكان جیاوازن عەرەبەكان بۆ خۆیان لەو وشەیە تێناگەن. بۆ نموونە (استعمال دخانیات اكیداً ممنوع است) هەموو وشەكانی عەرەبین، بەڵام عەرەبێك ناتوانێت بەئاسانی لەماناكەی تێبگات. من بیر لەوە دەكەمەوە ئەگەر ئێمە كیانی رەسەنو سەرەكی خۆمان بپاراستایە قەت بڵاوو لەیەكدابڕاو نەدەبووینو كیانی سیاسیمان رووبەڕووی پرسیارو مەترسی نەدەبوویەوە.

**ئەردەشێر رۆستەمی:** كاتێك لە(فەلەستین)دا بابەتی زایۆنیزم هاتە مەیدان چەندەها شاعیری وەك: (مەحمود دەروێش)، (نزار قەبانی)، (عەبدولوەهاب بەیاتی)، (ئەحمەد) زۆر بەتوندی بوونە شۆڕشگێڕو مەزڵوم بوونی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام لەدوایدا ماندوبوونوساڵەهایە لەعەرەبەكان شیعرێكی باشمان نەبیستووە، واتە لەدەییەی شەستو حەفتا بەدواوە. ئێستا ئێمە ئەو جوڵەو گوڕییە لەكوردستاندا دەبینین، واتە شیعر گوێزراوەتەوەو كۆچی كردووە.

**ئایا بڕوات بەکۆچی شیعر هەیەو ئەم جوڵەیە درێژەی دەبێت؟**

**شێرکۆ:** ئەدەبیاتی بەرگری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لەو مێژووییەی کە ئاماژەتان پێدا. باوکم لەدەییەی سیدا شیعری بەرگری دەگوتو پێش ئەویش شاعیرانی دیکە شیعری بەرگرییان گوتووە. دروستە کە لەدەربڕینی مەزڵومیەتی فەلەستین، کوردستانو ئەمریکای لاتینو لەزۆر شوێنی دیکەی جیهاندا ئازارێکی هاوبەشو هاوشێوەبوونی هەیە. سەبارەت بەوەرچەرخان لەشیعری کوردیدا دەبێت بڵێم (گۆران) ئاڵا هەڵگربووەو لەسەر ئەو بنەمایە ئەدەبیاتی بەرگری لەسەر هەمان فۆرمی نوێ خۆی دەربڕیوە. هەڵبەت رێز لەهەموو شاعیرانی جیهان دەگرینو هاوکات لەسەر ئەو کاریگەریانەی لەسەر یەکدیکەمان داناوە، ئێمەش شعرە عەرەبیەکانمان خوێندۆتەوەو کاریگەریمان لێوەرگرتوون، هەروەك چۆن شیعرەکانی (نرۆدا)و (پاز)مان خوێندۆتەوە، بەڵام ئەدەبیاتی بەرگری کورد بۆ زۆر پێشتر لەوانە دەگەڕێتەوەو هەر درێژەشی هەیە. هەڵبەت لەهەر قۆناخێکدا شێوازو فۆرمی تایبەت بەخۆی هەبووەو تەنها بابەتی بەرگری پەیوەندیداری کوردستانو کارەساتەکانی ناکات. من شیعرم بۆ (شیلیا)، (فەلەستین)و (ئەفریقا) گوتووە. بابەتەکە دەربڕینی مەزڵومیەتە لەسەر مرۆڤەکانو جۆرێك رەخنە لەدەسەڵاتە سیاسیە هاوچەرخەکان کە بەبڕوای من شاعیر ناتوانێت لەهەمبەر ئەو زوڵمو زۆرداریو کارەساتانە بێدەنگ بێت. کێشەکانی کارەساتو کۆمەڵ کوژیو پاکتاوی رەگەزی جیاوازییان هەیە، هەر وەك کۆلۆنیالیزمو داگیرکاری کە لەڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاربوونەوەدا جیاوازن.

**ئامادەکردنو داڕشتنەوەی بەفارسی: هیوا ئەمین نەژاد**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: رەزا مەنوچێهری**

1.کارنامە: گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبیو هونەرییە کە بەفارسی لەتاران دەردەچێت.(وەرگێڕ).

2.رۆژنامەی ناوبراو رۆژنامەی (وڵات) بوو لەساڵی 1993.(وەرگێڕ).

3.مەبەست لەهونەرمەندان هەمان شاعیرانە، چونکە شیعریش بەهونەرو شاعیریش بەهونەرمەند دەزانرێت، بۆیە وشەکەم وەك خۆی داناوەتەوە.(وەرگێڕ).

4.نیما باوکی شیعری نوێی فارسییە.(وەرگێڕ).

**کورتەیەك لەژیانی مەنوچێهری ئاتەشی:**

مەنوچێهری ئاتەشی ساڵی 1931 لە(دێهرود)ی ناوچەی (دەشتستان) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە(بوشێهر)دا تەواوکردووە. ساڵی 1960 رۆیشتۆتە شاری تارانو لەزانکۆدا درێژەی بەخوێندن داوەو بەشی زمانو ئەدەبیاتی ئینگلیزی تەواوکردووە. ئاتەشی لەساڵی 1954دا دەستیکردووە بەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانیو توانی پاش چەند ساڵێك بێتە ریزی شاعیرە ناودارە هاوچەرخەکانی ئێرانەوە.

مەنوچێهری ئاتەشی زیاتر لەهەشت کۆمەڵە شیعری بڵاوکردۆتەوە، سەرەڕای شاعیری کاری وەرگێڕانی کردووەو چیرۆکی (فونتا مارا) کە لەنووسینی (ئینیاتسیوسیلونە)یە کردووە بەفارسیو لەساڵی 1969دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چەند بەرهەمێکی (تورنتۆن وایلدر)و (مایاکۆفسکی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

(محەمەد موختاری)و (فەڕوخ تەمیمی) هەر یەکەو بەجیاواز لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەرهەمەکانی ئاتەشی کردووە. مەنوچێهر لەساڵی 1963دا دەستیکردووە بەکار لەنێو رۆژنامەو گۆڤارەکانداو کارەکانی بەگۆڤاری (فەردەوسی)یەوە دەستپێکردووە، لەگەڵ گۆڤاری (تەماشا) کە لەدوایدا بوو بە(سروش) هاوکاری کردووە. هەروەها دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کارنامە) بووە. مەنوچێهر ئاتەشی پاش 74ساڵ تەمەن لەڕۆژی 19ی نۆڤەمبەری 2005دا بەهۆی جەڵدەی دڵەوە لەخەستەخانەی (سیتا)ی تاران کۆچی دوایی کرد.

(وەرگێڕ).